سەرۆک وەزیرانی میسر لەگەڵ شاندێکی بازرگانان گەیشتنە بەغدا و لەگەڵ سەرۆکی عێراق کۆدەبنەوە

سەرۆکوەزیرانی میسر، مستەفا مەدبولی بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە بەرەو بەغدای پایتەختی عێراق بەڕێکەوت بە ئەوەی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق سەرکایەتی سێیەمین دانیشتنی کۆمیتەی باڵای هاوبەشی میسر و عێراق بە یاوەری ژمارێیەک لە وەزیران و بەرپرسانی هەردووڵات بکات.

ڕاوێژکار محەممەد ئەلحمسانی، گوتەبێژی سەرکایەتی ئینجووومەنی وەزیرانی میسر ڕایگەیاند، سەرۆک وەزیرانی میسر و محەممەد شیاع سودانی دانیشتنێکی فراوانی گفتوگۆ ئەنجام دەدەن بە تاوتوێکردنی ژمارێیەک بابەت و پرسی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات.

بەگوێرەی ئاژانسی هەواڵی ئەژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرۆک وەزیرانی میسر و عێراق سەرپەرشتی کۆکی ئابووری دەکەن کە تیایدا ژمارێیەکی زۆر لە بازرگانانی هەردوو وڵات کۆدەبنەوە بە تاوتوێکردنی دەرفەتەکانی هاوکاری هاوبەش لە بوارەکانی وەبەرهێنان و بازرگانی.